کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:41 12-8-2007

**ئەزموونی وتووێژکردن لەگەڵ حکومەتی ئێران ... عەبدولڕەحمان مەهابادی**

دوای شکستی خولی یەکەم و دووهەمی وتووێژەکانی باڵیۆزی هەردوو حکومەتی ئێران و ئەمریکا لە بەغدا لە مانگی ئایار و تەمووزی ڕابردوو، ئێستا بۆ هەمووان دەرکەوتووە کە مەبەستی حکومەتی ئێران لەم وتووێژکردنانە، لە وەدەستهێنانی «کات» و بۆ دەستێوەردانی زێدەتر لە کاروباری عێراق بەدەرنەبووە. بە پێی ڕاپۆرتی ئاژانسەکان و هەڵوێستی بەرپرسانی حکومەتی ئەمریکا دوای خولی یەکەمی وتووێژەکان، پشتیوانیکردنی تیرۆریسم لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە نەک تەنیا کەمتر نەبۆتەوە بەڵکو لایەنی زێدەتری بە خۆیەوە گرتووە.

لە خولی دووهەمدا بڕیار درا بە پێکهینانی کۆمیتەیەکی سێ قۆڵی سەبارەت بە ئاسایشی عێراق، بە ناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریسم. لەبەر ئەوەی ئەم کۆمیتەیە بە مانای بە فەرمی ناسینی دەستێوەردانەکانی حکومەتی ئێرانە لە عێراق، کەوایە پێویستە پێکهێنانی ئەم کۆمیتەیە لە لایەن هێزە نیشتمانی و دیمۆکراتییەکانی عێراقەوە بە گشتی مەحکووم بکرێت.

ئەگەر لە ڕۆژانی دوای ڕووخانی حکومەتی پێشووی عێراقەوە هێشتا دەستێوەردانەکانی حکومەتی ئێران لە کاروباری ناوخۆی عێراق لە شکڵی سەرەتایی خۆیدا بوو و ئەم حکومەتە لە ژێر ناوی جیاجیادا دەیەویست بارودۆخەکە بقۆزێتەوە بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامەکانی خۆی، بەڵام ئێستاکە دەستێوەردانی ئەم ڕێژیمە لە کاروباری ناوخۆی عێراق و دەوری ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی مەلاکانی دەسەڵاتدار لە ئێران لە پەرەپێدانی تیرۆریسم و بونیادگەری لەم وڵاتە بۆتە ڕاستییەك کە هەمووان باسی دەکەن. هەر بۆیە دەکرێت بە ڕاشکاوی بڵێین کە خواستی گەلی عێراق بە گشتی، کورتکردنەوەی دەستی ئەم حکومەتەیە لە عێراق.

پێکهێنانی ئەم کۆمیتەیە، لایەنی فەرمی و یاسایی دەدات بە دەوری تیرۆریستەکان. لە کاتێکدا هەمووان لە سەر ئەم ڕایەن کە ئەم وتووێژانە کات دەبەخشێت بە حکومەتی ئێران بۆ دەستێوەردانی زێدەتر لە کاروباری عێراق.

تەنانەت ئاژانسەکان بە ڕاشکاوی باس لەوە دەکەن کە لایەنی ئێرانی (باڵیۆزی ئێران، کازمیی قۆمی) خۆی یەکێکە لە فەرماندەرانی هێزی قودسی سپای پاسدارانی ئێران. باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق لە دوای وتووێژکردنەکانی مانگی ئایاری ڕابردوو لەگەڵ حکومەتی ئێران، ڕایگەیاند کە باری ئاسایشی عێراق ئاڵۆزتر بووە و حکومەتی ئێران زیدەتر پشتیوانی کردووە لە میلیشیاکان و دابینکردن چەك و تەقەمەنی بۆیان.

دوکتور مەحمود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانیی کورد لە ڕۆژی 14ی تەمووز لە لێدوانێکدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ئەلحوررەدا گوتی کە »ئێمە هەتاکو ئێستا هیچ سوودمان نەکردووە لە وتووێژەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا لە سەر عێراق. لە کاتێکدا تاران سوودی کردووە تیایدا».

ئەزموونی مێژوویی وتووێژکردن لەگەڵ حکومەتی ئێران

حکومەتی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە، بە سەرکوتکردنی ئازادی و ئازادیخوازان و بە سەرکوتکردنی گەلی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە سەرەتای ساڵەکانی دەیەی 80وە، خۆی بە هەمووان ناساند. لەم حکومەتەدا، بەردی بناغەی وتووێژکردن بریتییە لە «هەمووان لەگەڵ من». واتا ئەوەی ئەمن دەیڵێم و دەمەوێت دەبێ لایەنی دی قەبووڵی بکات. ئەم ئوسلوبەی ئێرانیش نموونەی زۆر بووە و لەوانە:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

- کاتێك ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چوونە ناو وتووێژکردن لەگەڵ حکومەتی ئێرانەوە، لە پشت مێزی وتووێژکردنەکان لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەم حکومەتەوە بە شێوازێکی دڵتەزێن تیرۆر کران.

- نموونە بەرجەستەی دی، وتووێژکردنەکانی وڵاتانی ئەورووپی بوو لەگەڵ حکومەتی ئێران لەمەڕ چەکی ئەتۆم. ئەم وڵاتانە ئەوندەی لە توانایاندا بوو درێژەیان دا بە وتووێژکردن لەگەڵ ئەم حکومەتە و کاتیان پێ بەخشی. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە حکومەتی ئێران لە بەرهەم هێنانی بۆمبای ئەتۆم نیزیك بێتەوە و ببێتە مەترسییەك بۆ هەمووان. هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد و دەوڵەتێکی پێکهاتوو لە پاسدارانیش بەرهەمی ئەم وتووێژکردن و سازشتکردنانەیە.

بێگومان، وتووێژکردنی باڵیۆزی ئەم حکومەتە لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا سەبارەت بە عێراق لەم ئەزموونە بەدەر نییە. بە دوای ئەم وتووێژکردنانە نەك تەنیا تیرۆریسم و بونیادگەری لە عێراق کەم نەبۆوە بەڵکو لایەنی زۆرتری بە خۆیەوە گرت. لەبەر ئەوەی ئەم حکومەتە بە تیرۆریسمەوە بەندە و بە بێ تیرۆر ناتوانێ لە سەر پێ بمێنێتەوە.

کەوایە هەر جۆرە وتووێژکردن لەگەڵ ئەم ڕێژیمە لە هەر بوارێکدا، تەنیا دەبێتە هۆی لەدەست چوونی کات و مانەوەی ئەم حکومەتە و دەرئەنجامەکەشی نەبوونی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری و دێمۆکراسییە لە ناوچەکەدا و ڕۆژانە خوێنێکی زێدەتر لە جەستەی عێراق و کوردستان دەڕژێتە سەر زەوی و...

جا بۆیە پێویستە هێزە نیشتمانی و دێمۆکراتەکانی وڵاتانی ناوچەکە، هەڵوێستێکی هاوبەش و بە بڕشت لە خۆیان نیشان بدەن و بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی لە دژی ئەم دیاردەیە بووەستن.

کۆتایی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.